# هەموو تیرۆریستەکان ئیسلامن
# هەموو ئیسلامیەکان تیرۆریست نین،

## تەها ئەمین هەڵەدنی

بۆ پاڵپشتی نووسەری بوێر کاک مەریوان هەڵەبجەیی

خانمی ئایان هیریس ئەلی، لەدایک بووی 1969 ، لەدواکەوتووترین کۆمەڵگای ئەمڕۆی جیهانە. ناوبراو نووسەر و ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندایە ئێستا.
ئایان لەبەر ئەوەی بەزۆرردرا بەشوو، ڕایکرد و خۆی گەیاندە ئەڵمانیا، پاشان لە هۆڵەندا جێگیر بوو.
لەلای کەس شاراوە نیە کە سۆمال لەسەرەتاترین قۆناغەکانی ژیاندا دەژی، ئێستاش ئەو سۆمالیانە لە ئەورووپا و وولاتانی دیکەی جیهاندا دەژین، لەو وولاتانە خەتەنەی کیژەیان تێدا یاساغە، کیژەکانیان دەبەنەوە بۆ سۆمال تا لە سۆمال خەتەنەیان بکەن.
بۆیە کارێکی ئاسان نیە، کە خانمێکی سۆمالی دەست بداتە پێنوو و بنووسێ.
بەلام ئەگەر خانمی هیریس دانیشتووی هۆڵەندا نەبوایە، هەگیز لەو ژیانە سەرەتاییەی سۆمالدا، زۆر ئەستەم دەبوو،ببوایە بە نووسەر یا ئەندامی پەرلەمانت.
خانمی هیریس، خۆی لە کتێبەکەیدا بەناوی(داوای مافەکانت بکە)، کە لەم دووسێ مانگەی دوایدا وەرگێڕدراوەتە سەرزمانی سویدی ئەڵێ: شێتانە ئاشقی خوا و ئیسلام بوو بووم، یارەکەشم شێتانەتر، دینداری بووبوە خولیای هەمیشەیی. بەلام کە یەکترمان ماچ دەکرد، کە درۆمان دەکرد، کۆمەڵێ کاری دیکەش، پرسیاری لە دەروونما دەپرساند !
بەلام کاتێک مانفێستی ئەتایستیم خوێندەوە، بەتەواوی باوەڕهێنان بە ئیسلام لا کەوتە گوومانەوە.
لەم ڕەوانگەشەوە، لەناخی دڵەوە پڕ بە گەرووی ئاسمان سوپاسی دکتۆر حسێنی خەلیقی، کاک بەهرۆز حەسەن دەکەین بۆ وەرگێڕانی جیهانی سۆفی.هەروەها کاک پێویس بۆ نووسینی ئایا ئیسلام زادەی ژینگەی خۆیەتی. کاک مەریوان هەڵەبجەیی بۆ نووسینی پەڕتووکەکەی بەناوی سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا، هەموو ئەوانی دیکەش کە بە بیری خۆیانیان کردۆتە چراو، شەوە زەنگی گەلەکەمان پێڕۆشن دەکەنەوە.
لەم چەند ڕۆژی دوایە، شەمشەمە کوێرەکان، فەتوای تیرۆری نووسەر کاک مەریوان هەڵەبجییان دەرکردوە، لەسەر نووسینی کتێبەکەی بەناوی سێکس وشەرع وژن لە مێژووی ئیسلامدا.
هەڕەشەکردن و دەرکردنی فەتوای مەرگ بۆ نووسەران، ئازدی خوازان، کارێکی لە پڕی مەلاکان، نیە. مێژووی 1400 ساڵەی ئیسلام تژیە لە هەڕەشەو گوڕەشە و تۆقاندن. خودی

نوسەری قورئان محەمەدی کوڕی عەبدولا بۆیەکەم جار لە مێژووی ئیسلامدا فەرمانیدا کە شاعیری ناوداری عەرەب کەعب بن زهیر کە بە شیعرەکانی ڕەخنە ئاراستەی ئیسلام دەکرد، بکوژن. بۆیە بە دەستی نزیکترین، خزمانی خۆی، کەعب تیرۆر کرا، ئیسلامناس دکتۆر شریعتی. عەسماش ژنێکی شاعیر دەنگ خۆش بوو، لەسەر کۆپەڵە گۆرانیەک، بە فەرمانی محەمەد کوژرا،هەمان سەرچاوە.

محەمەدی کوڕی عەبدولا فەرمانی تیرۆر کردنی نووسەران و شاعیران دەردەکرد، چونکە باوەڕیان بە ووتەکانی محەمەد نەدەکردو ،شاعیران نوسەران دەیانووت :قسەکانی محەمەد حیکایەتە ئەفسانییە کۆنەکانن. دەبینین کە لە قورئاندا 16 جار باس لەوەدەکات،کە خەڵکانی ئەو سەردەمە بە خوودی محەمەدیان گووتوە،ئەمەی تۆباسی دەکەی هیچ نیە، جگە لە سەرگوزوشتە کۆنەکان، بۆ نمونە:ئەحقاق 17، قلم15، ئەلنمل68، ئەلفرقان 50، ئەلمئمن83، نحل24، ئەنفال31، ئەنعام25.

کاتێک خودی مامۆستاکەی ئیسلام محەمەدی کوڕی عەبدەلا لەسەر پارچە شیعرێک مرۆڤێک تیرۆر بکا، ئەیبۆ مەلا کرێکار لە باشتر بێ؟

تیرۆر و تۆقاندن سەرچاوەکەی قورئانە، نووسەرەکەی محەمەدی کوڕی عەبدولایە،ئاخر ئەنفالی 60 ئەڵێ بیان تۆقێنە.

ئاخر مائیدەی 33 ئەڵێ: بێ باوەڕان لە خاچ بدە،یان دەستووپێیان ببڕنەوە،یا لە ملیان بدەن. کەچی قورئان لەهەمان کاتدا ئەڵێ: ئەگەر گفتوگۆتان لەگەڵ خەڵکی کرد، بەباشترین شێوە، گفتگۆ بکەن،نەحل 125.

هەرخودی قورئان ئەڵێ: پێغەبەری خوا تەنها ڕاگەیاندنی پەیامەکەی لەسەرە، مایدەی100.

هەر قورئانە لە ئەلبەقەرەی 285دا ئەڵێ: ئاینەکەت نفرەت لێکراو نیە،واتا: دەتوانی کە ئیسلام نەبی.

بۆیە هەڕەشەی مەلاکان لە نووسەری بوێرمان کاک مەریوان هەڵەبجەیی، ڕوداوێکی لەپڕ نیە،بەڵکوو ڕیشەی تۆقاندن و کوشتن دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارەکانی محەمەدی کوڕی عەبدولا.

قوتابیەکی پەروەردەی وانەکانی مەلا کرێکارەیەکان بۆ ڕادیۆی کۆمەڵ ووتی: کتێبەکەی مەریوانم نەخوێندتەوە، بەڵام هەقمانە کە مەریوان بکوژین.

لە لایەکی دیکەوە، ئیسلامیەکان گازەندەی ئەوە دەکەن کە گوایە، نووسینەکانی کاک مەریوان بێ بەڵگەن.

بەڵام کاک مەریوان ئەڵێ: بۆ نموونە کاتێک محەمەد پەلاماری تیری بەنی قورەیزە دەدات، پاشان هەموویان دەستگیر دەکرێن.پیاوەکان جیادەکاتەوە لەگەڵ ژنە بەساڵاچوەکاندا. هەروەها هەر ژنێک جوان بوبێ ئەویش جیاکراوەتەوە کە نەکوژرێت. پاشان تەماشای

تووکە بەری کچەکانیان کردوە،هەرچی تووکە بەری هەبوایە ڕەاونەی ئەو کۆمەڵە دەکران کە ئامادەکرابوون، بۆ سەربڕین.

بەڵام ئەوکیژانەی تووکەبەریان نەبوایە، ئەوا ڕەوانەی ئەو کۆمەڵە دەکران، کە وەک دەست کەوتی شەڕ دانرابوون، پاشان دابەشی سەر ئیسلامەکان دەکران. محمەد بە پێی ئایەی قوریان پێنج یەکی دەست کەوتەکانی بەردەکەوت. محەمەد ژنەکەی سەرەک تیرەی بەنی قورەیزە ڕەیحانەو تەغارێک زێڕوزیوی، تیرە قڕان تێنراوەکەی بەر کەوت.

کاک مەریوان ئەڵێ: سەرچاوەکان ئیبن کەسیر،قورتووبی، جەلالین نن. بەڵام ئیسلامەکان چونکە هەرگیز هیچ ناخوێننەوە ئەڵێن ڕاست نیە*.

ئیسلامیەکان هەمیشە کوێرانە، بڕیاریان داوەو دەیدەن، ئاخر عەبدولخالق مەعروف جگە لەوەی کە کۆمەڵێ ووتەی محەمەدی وەرگێڕاوەتە سەرکوردی هیچی تر نەکردوە. دەبوو ئیسلامیەکان خەلاتی بکەن نەک تیرۆری بکەن.

دەبێ شوکر بین کە هەموو ئیسلامیەکان تیرۆریست نین، بەڵام هەموو تیرۆریستەکان ئیسلامن.

گۆڵدەمائیر سەرەک شالیاری 70کانی ئیسرائیل ئەڵێ: عەرەب ناخوێننەوە، کەخوێندیشانەوە، تێناگەن، کە تێشگەشتن، کاری پێناکەن.

ناونیشانی بابەتەکەن لە ماڵپەڕێکی سویدی وەرگرتوە.

SD-Kuriren